ئاسایشی نیشتمانی لە دیوانیە کەسێکی ڕفێنراو ئازاد دەکات و ڕفێنەرەکانیش دەستگیردەکات

دەزگای ئاسایشی نیشتمانی ئازادکردنی کەسێکی ڕفێنراو و دەستگیرکردنی ڕفێنەرەکانی لە پارێزگای دیوانیە ڕاگەیاند.

ئاژانسەکە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: مەفرەزەکانی دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی دوای وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە حاڵەتی ڕفاندنی هاووڵاتییەك لە پارێزگای دیوانیە و بە پشتبەستن بە هێزی تەکنیکی و مەیدانی و دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی دادوەری پێویست، توانیان شوێنی ڕفێنراوەکە دیاری بکەن و هێزێك ڕەوانەی شوێنی دیاریکراو بکەن، لە ئەنجامدا ڕفێندراوەکە ئازادکرا و باندە ڕفێنەرەکەش کە پێکهاتبوو لە (4) کەس لەنێویاندا ژنێك دەستگیرکران.

ئاماژەی بەوەشکرد: ئەندامانی باندەکە دانیان بەوەدا ناوە کە ڕفێنراوەکەیان بردووە بە ماڵەکەیان و بە ماوەی چەند ڕۆژێك بەستوویانەتەوە، هەروەها مامەڵەیان لەگەڵ خێزانەکەی کردووە بەبێ (60) ملیۆن دیناری عێراقی، یان کوشتنی.

جەختیشیکردەوە: تەمەتباران ڕەوانەی دەسەڵاتی دادوەری تابەتمەند کراون بە ئەوەی سزای دادپەروەرانەیان وەربگرن